لەدەرەوەی بازنەدا

# چیمەنتۆ و کامێرا



نەوزاد عەلی ئەحمەد ــ سوید
nawzad.ali@hotmail.com

سەرەڕای بالآکردنی ساختمانی گەورەو گران لە شارەکانی کوردستان و ڕەنگکردنی روخسارێکی تر بە گەڕەك و کۆڵان و شەقامەکان، بەڵام تا بە ئەمرۆش دەگات کۆمەڵێك ساختمان و باڵەخانە کە سالآنێکە هەن رووکاری خۆیان ونکردوە وەك بەشێك لە کارە دیارەکان نیگا ناتوانێت تەڵخیان بکات، یەکێك لەو کارانە ساختمانی پەرلەمانی کوردستانە کە هەم شوێنەکەی هەم جۆر و شێوەی ساختمانەکە زاکیرە ناتوانێت بالآی بسڕێتەوە، بەڵام تەنینی ساختمانی پەرلەمان بەپەرژینێکی بەردین، روانینەکانی چاوی ئێمەی بۆ ساختمانی ناوبراو بێجگە لە واتای گۆڕستان هیچ واتایەکی تری پێنابەخشێت.

شاردنەوەی ساختمانی پەرلەمان لە نێوان سەدان تەن چیمەنتۆ بۆ پارێزگاریکردنە لە ئەندامانی پەرلەمان لەدەستی تیرۆر، ئەمەش بەو واتایە دێت کە لە کوردستانەکەی من تا بۆ پاراستنی رۆحی ئینسانەکانیش جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەودا دەکرێت. لەکاتێکدا دوورایی نێوان ساختمانی ناوەوەی پەرلەمان و بلۆکی هەڵچنراو نزیکەی (٥٠٠) مەترە، ئەمە ئەگەر بە بازارێکی لێوان لێو لەخەڵکی وەك شەقامەکانی سیروان و باتای ناو هەولێر بەراورد بکرێن، کە ڕۆژانە هەزاران مرۆڤی تێدا دەژیێت..

ئەگەرچی دەستی تیرۆر نەخوای هەیە نە ئاسمان، بەڵام دەکرێت بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، خۆمان لە هەوڵەکانی تیرۆر بپارێزین نەك بە هەڵچنینی سەدان تەن چیمەنتۆ ساختمانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەینە لوولەی چیمەنتۆ ڕێژکراو. کۆمەڵێك ئامێرو هۆکاری سادەی تەکنەلۆژیا هەیە دەتوانرێت سوودیان لێ ببینرێت ، بۆ نموونە دەکرێت لەدەرەوەی ساختمانەکانی پەرلەمان و حکومەت چەندان کامێرای چاودێری دابنرێن، سەرەڕای سوود وەرگرتن لە دانانی ئاماژە بۆ ڕێگاو شەقامەکان.

ساختمانی پەرلەمانی سوید کە لەسەدەی هەژدەوە دروستکراوە بە یەکێك لە ڕووە سەرنجراکێشەرەکانی ستۆکهۆڵم دادەنرێت، نە پۆلیس دەیپارێزێت نە بلۆکی هەڵچنراو. بەڵکو کامێراو یاسا شەونخونن و خەڵك و پەرلەمان لە ئەمنیەت دڵنیا دەکەنەوە. بۆ زانیاری زیاتریش لە دوای ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ەوە لەسوید چاوی کامێرا تیژ تر بوە و لە چەندان شوێنی تایبەتی و گشتیش دانراوە.

راستە رەهەندو دوورایی تیرۆر، لە نێوان سوید و کوردستاندا هەیە، بەڵام هۆکارەکانی خۆپارستن زۆر جیاوازە بە تایبەتیش لە حاڵەتێکدا کە جیاوازی لە نێوان پاراستنی رۆحی ئینسانەکان بکرێت.